بەش : زمانی کوردی

کۆلێژ : زمان

زانکۆ : سەلاحەددین

بابەت : فۆنۆلۆجی

پەرتووکی کۆرس : قۆناغی یەکەم – سمستەری دووەم

ناوی مامۆستا : هەژار قادر اسماعیل

سالّی خوێندن : 2023-2024

پەرتووکی کۆرس

# Course Book

| | |
|---|---|
| 1. ناوی کۆرس | فۆنۆلۆجی |
| 2. ناوی مامۆستای بەرپرس | هەژار قادر اسماعیل |
| 3. بەش / کۆلێژ | زمانی کوردی / کۆلێژی |
| 4. پەیوەندی | ئیمێل: **hazhar.ismail@su.edu.krd** |
| 5 .یەکەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەك | بۆ نموونە تیۆری : (3)یەکە, کە دەکاتە(3) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا.<br>پراکتیك: نموونەی پراکتیکی بۆ بابەتە تیۆرییەکان دەهێندرێتەوە. |
| 6. ژمارەی کارکردن | (6) کاتژمێر, ڕۆژانی : دوو شەممە ، پێنج شەممە |
| 7. کۆدی کۆرس | |
| **8-**پرۆفایلی مامۆستا | لە ساڵی 1980 چوومەتە بەر خوێندن لەساڵی 1996 پەیمانگای ناوەندی مامۆستایانی هەولێرم تەواو کردوو ، لە ساڵی 2004 بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆیۆس لە کۆلێژی پەروەردە– بەشی زمان و ئەدەبی کوردی– زانکۆی سەلاحەددین. دوو ساڵ وەکو معید کارم کردووە لە کۆلێژ . لە ساڵی 2009 بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە بواری دەنگسازی –لە کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەدین – لە شاری هەولێر. لە ئێستادا وەکو مامۆستا وانە دەڵێمەوە لە کۆلێژی زمان ، بەشی زمانی کوردی. |

| | |
|---|---|
| 9. وشە سەرەکییەکان | دەنگسازی، فۆنەتیك، فۆنۆلۆجی، دەنگ، پیت، فۆنیم، برگە، یاسا فۆنۆلۆجییەکان، ... |

10. ناوەرۆکی گشتی کۆرس:

**دەنگسازی :** ئەو لقەی ئاستی زمانە لە دەنگەکانی زمان دەکۆڵێتەوە بە هەردوو لایەنی گشتی ( فۆنەتیك ) و تایبەتیەکەی ( فۆنۆلۆجی ). **فۆنۆلۆجی ئەولقەی دەنگسازییە، کە لە دەنگەکانی زمانێکی دیاریکراو، تایبەت و چۆنیەتی ڕیزبوونیان بۆ پێکهێنانی برگە و وشە دەکۆڵێتەوە. ئەوەی جێگەی ئاماژە پێدانە ئەوەیە کە یەکە (دانە)ی سەرەکی فۆنۆلۆجی (فۆنیم)ە. یاخود دەکرێ ببێژین: فۆنۆلۆجی بەشێکی سەرەکی ئاستی دەنگسازییە و توێژینەوە لە فۆنیمە کەرتی و ناکەرتییەکان دەکات، ئەمەش لە دوای دیاریکردنی ئەلۆفۆنەکانی هەر فۆنیمێك.**

**ئەو بابەتانەی کە فۆنۆلۆجی گرنگیان پێدەدات، بریتین لە:**

1- **دەستنیشانکردنی فۆنیمەکانی زمانێکی دیاریکراو.**

2- **دیاریکردن و خستنەڕووی ئەو شێوە و قاڵبە برگەیانەی کە لە ئەنجامی چوونە پاڵ یەکتری فۆنیمەکانی ئەو زمانە بەرچاو دەکەون.**

3- **خستنەڕووی شوێن و شێوەی هێز و ئاوازە لەناو برگە و وشە و ڕستەکانی ئەو زمانەدا**

11. ئامانجەکانی کۆرس :

ئەم بابەت چەند ئامانجێکی گرینگ دەپێکێ:

أ-ئامانجی گشتی:

1-قوتابی لەماوەی خوێندنی ئەو بابەتەدا زانیاری گشتی لەبارەی بابەتەکە پەیدادەکات.

2-دەبێتە خاوەن زانیاری جۆراوجۆر و تایبەتی وەك لێهاتوویەك بۆ بابەتەکە، کە ئەمەش ڕێگا خۆشکەرە بۆ ئامادەبوونی کاری مامۆستایی و توێژەری.

3-جێبەجێکردنی بنەماتیۆریەکانی بابەتەکە بەگشتی لەچوارچێوەی بوار و ڕەهەندی کارەکی .

ب–ئامانجی تایبەتی:

1–ئامانجی مەعریفی و زانستی : قوتابی ئاشنا دەبێت بە چەمکی دەنگسازی بە هەردوو لقەکانی فۆنەتیك و فۆنۆلۆجی و ماناکانی و ناسینی زانستی دەنگسازی بەگشتی و فۆنۆلۆجی بەتایبەت.

2–ئامانجی دەروونی :قوتابی دەکرێ لایەنگیری و هەست و سۆز و خۆشەویستی بۆ بابەتەکە بە گشتی پەیدابکات ، بە تاییبەتی کاریگەری و سەلیقەی بۆ مێژووی زمانی کوردی و قۆناغە جیاوازییەکانی و تایبەتمەندییەکانی و شوێنی زمانی کوردی لەناو زمانەکانی جیهاندا ، ئەمەش بە هەوڵ و کۆشش و کات پێویستی و خوێندنەوە دێتە بەرهەم.

3–ئامانجی ڕەفتاری و کرداری: قوتابی دەتوانێت لەکاتی بوون بە مامۆستا یان توێژەر یان کۆڕگێڕ و سیمینار سود لە زانیاری نێوبابەتەکە بەگشتی وەربگرێت و بەکاریان بهێنێت، بە تایبەتیش لە بارەی دەنگسازی زمانی کوردی.

12. ئەرکەکانی قوتابی :

لەمیانەی خوێندی بابەتی فۆنۆلۆجیدا، قوتابی بەشێوەیەکی گشتی چەند ئەرکێکی سەرەکی هەیە:

1- ئامادەبوون لە کات و ساتی دیاریکراودا.
2- ئامادەکردنی سیمینار.
3- خۆ ئامادەکردنی پێش وەختە.
4- هێنانەوەی نمونەی پراکتیکی لەکاتی وانە گوتنەوەدا.

**13.** ڕێگەی وانەوتنەوە :

- بۆ وانە وتنەوەیەکی زانستیانە و بە سود لەم بابەتە، پێویستە ئەم ڕێگایانە بگرینە بەر:

1- دابەشکردنی کات لە کاتی وانە وتنەوەدا
2- وانەکە لە ڕێگەی داتاشۆ ڕوون دەکرێتەوە
3- بەکارهێنانی هۆیەکانی فێرکردن، وەکو: تەختە سپی، قەڵەمی ڕەنگاو ڕەنگ، پرسیار و وەڵام گفتوگۆی زانستی.

14. سیستەمی هەڵسەنگاندن:

سیستەمی هەڵسەنگاندن بریتییە لە کۆرسات، کە تیایدا (40٪ )نمرە لە وەرزی دەبێت و (60٪) لە کۆتایی سمستەر

| |
|---|
| دەبێت. |
| 15. دەرئەنجامەکانی فێربووون:<br>گرینگترین دەرئەنجامەکانی ئەم بابەتە دەکرێ لە خاڵانەی خوارەوە کورتیان بکەینەوە:<br>1–قوتابی دوای تەواوبوونی کۆرسەکە زانیاریەکی گشتی جۆراوجۆر لە بارەی دەنگسازی بە گشتی و فۆنۆلۆجی زمانی کوردی بەتایبەت پەیدا دەکات.<br>2–قوتابی ببێتە خاوەنی کۆمەڵێك زانیلری و بنەمای زانستی بەسوود لەم بوارەدا تاوەکو بتوانێت لە داهاتوو لێکۆڵینەوی جیاواز لە نێویاندا بکات و بە تایبەتیش لە چوارچێوەی زمان و دەنگسازیدا. |
| **16.**لیستی سەرچاوە<br>أ–سەرچاوە بنەڕەتیەکان:<br>1–ئەورەحمانی حاجی مارف، زمانی کوردی لەبەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، 1956.<br>2.رەحمان ئیسماعیل حەسەن، بڕگە و ئاستبوونی بڕگە لە زمانی کوردیدا، ماستەرنامە، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، 1991.<br>3.هەژار قادر اسماعیل، ڕۆنانی بڕگە و گۆڕانی سنوری ڕرگە لە شێوەزاری باڵەکایەتیدا، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، 2007.<br>4.نەریمان خۆشناو، دەنگسازی، چاپی سێیەم، ئاوێر، هەولێر، 2015.<br>5.وریا عومەر ئەمین، فۆنەتیك و فۆنۆلۆجی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق، دەستەی کورد، بەرگی بیستەم، 1989<br>6.غازی علی خورشید، فۆنەتیك و فۆنۆلۆجی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی–2010<br>7–فواد حەمە خورشید،زمانی کوری –دابەشبوونی جوگرافیایی دیالێکتەکانی،وەرگێڕانی/حەمە کەریم هەورامی،1985.<br>8–عەبدولمەناف ڕەمەزان،ئەتڵەسی زمانی (هەرێمی کوردستان بە نموونە)،چاپی یەکەم،چاپخانەی سپێرێز،دهۆك،2011.<br>9– محمد معروف فەتاح, زمانەوانی , چاپخانەی حاجی هاشم, چاپی دووەم, هەولێر, 2011.<br>10– یوسف شەریف سەعید , زمانەوانی , چاپخانەی ڕۆژهەڵات , چاپی یەکەم, هەولێر, 2011.<br>11– محمد محمد یونس , دەروازەیەك بۆ زمانەوانی , وەرگێرانی : نەریمان خۆشناو, چاپخانەی ڕۆژهەلات , چاپی |

یەکەم , هەولێر , 2010.

12– سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو, زمانەوانی , بەرگی (1,2,3) , چاپخانەی ئاوێر, هەولێر , 2010..

13– کسپە ئەبوبەکر , پەیوەندی بیر و زمان لە کوردیدا, زانکۆی سلێمانی , 2014.

14– محمد علی الخولی, معجم علم اللغه النظری , بیروت ,1982.

15– محمد علی الخولی, معجم علم اللغه التگبیقی, بیروت ,1986.

25- The Study of Language ,George Yule, Cambridge University Press,5 edition.

| 17.بابەتەکان | ئامانج | ناوی مامۆستا |
|---|---|---|
| هەفتەی یەکەم : ناساندنی بابەتەکەو ڕوونکردنەوەی کۆرسبووکی بابەتەکە. | کردنەوەی دەروازەیەك بۆ چوونە ناوبابەتەکە و ناساندنی کۆڕسبووك. | |
| هەفتەی دووەم : ناساندنی چەمکی فۆنۆلۆجی و ماناکانی . | دەرخستنی چەمکی فۆنۆلۆجی لە ڕووی وشەو زاراوەیی و مانا جیاوازیەکانی. | |
| هەفتەی سێیەم: پەیوەندی دەنگسازی بە ئاستەکانی تری زمان | ڕوونکردنەوەی پەیوەندی نێوان دەنگسازی و مۆرفۆلۆجی و واتاسازی، هێنانەوەی نمونەی پراکتیکی. | |
| هەفتەی چوارەم : یەکەسەرەکییەکانی فۆنۆلۆجی(فۆنیم) | باسکردنی فۆنیم لە ڕووی چەمك و زاراوە و هێنانەوەی نمونەی پراکتیکی. دەستنیشانکردنی فۆنیم و تایبەتمەندییەکانی فۆنیم | |
| هەفتەی پێنجەم: فۆنیم و تایبەتمەندییەکانی. | دیاریکردن و ڕوونکردنەوەی گرنگی زمان لە ژیانی مرۆڤایەتیدا . | |
| هەفتەی شەشەم: پۆلێنکردنی فۆنیمەکان | . باسکردن و ڕونکردنەوەی فۆنیمە کەرتی و ناکەرتییەکان | |
| هەفتەی حەوتەم: ئەلۆفۆن | باسکردنی ئەلۆفۆن و جۆرەکانی ئەلۆفۆن و پەیوەندی بە فۆنیم. شیکردنەوەی بڕگە و ئاراستەکانی بڕگە، | |

| | | |
|---|---|---|
| هەفتەی هەشتەم: بڕگە<br><br>هەفتەی نۆیەم : قاڵب و جۆرەکانی بڕگە<br><br>هەفتەی دەیەم: هێشووە کۆنسنانت<br><br>هەفتەی یازدەیەم: فۆنیمە ناکەرتییەکان<br><br>هەفتەی دوازدەیەم: یاسا فۆنۆلۆجییەکانی زمانی کوردی.<br><br>هەفتەی سێزدەیەم: یاسا فۆنۆلۆجییەکانی زمانی کوردی.<br><br>هەفتەی چواردەیەم: یاسا فۆنۆلۆجییەکانی زمانی کوردی. | کە خۆی دەبینێتەوە لە ئاراستەی فۆنەتیکی و فۆنۆلۆجی.<br><br>باسکردنی جۆرەکانی بڕگە و قاڵبەکانی بڕگە بەگشتی و زمانی کوردی بە نمونە.<br><br>باسکردنی هێشووە کۆنسنانت و جۆرەکان و نمونەی پراکتیکی.<br>ڕوونکردنەوەی فۆنیمە ناکەرتییەکان و هێنانەوەی نمونەی پراکتیکی<br>– **یاسای سوان ( لە ناو چوون ) .**<br>– **یاسای هاتنەناوەوە (پەیدا بوون )**<br>**یاسای دنگەگۆڕکێ .**<br>– **یاســـای جێگۆڕکێی دەنگەکان ( سەرو ژێر )**<br>–**یاسای تەبایی .**<br>– **یاسای هەڵوەشانەوە .**<br>– **یاسای گونجان و نەگونجان .** | |
| 18. بابەتی پراکتیکی | پراکتیککردنی کەرەستەکانی فۆنۆلۆجی | |

| | | |
|---|---|---|
| | (فۆنیم , مۆرفیم , وشە , گرێ, ڕستە ...هتد) لە نێو دەوروبەری نا زمانی و نمونە هێنانەوە بۆیان. | |

19. پرسیاری نمونەیی:

1- پێناسەی فۆنیم بکە و گرنگترین ئەرکەکانی بژمێرە.
2- جیاوازی بڕگەی فۆنەتیکی و فۆنۆلۆجی بکە بە نمونەوە.
3- جیاوازی دەنگ و پیت و فۆنیم لە چیدایە؟ بەنمونەوە وەلامەکەت دەولەمەند بکە.

20. تێبینی تر